## دەسەڵاتدارێتی پڵنگە بریندارەکان ... تایەر حاجی حەسەن

هاشمی رەفسنجانی، سیاسەتمەداری نێو باڵی پارێزگارانی دەوڵەتی ئێران، ئامۆژگاری (ئەحمەدی نەژاد) ی سەرۆک دەکات و دەڵێت: (ئەمریکا) پڵنگێکی بریندارەو دەبێت خۆتی لێبپارێزیت.
وتەی کەسایەتییە سیاسی و بەرپرسەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی جیهان، بە جیاوازتر لە هەر کەسایەتیەکی بەدیقەت ترو بەرچاورۆشنتری ئاسایی نێو کۆمەڵگە، خوێندنەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە خودی ئەم کەسایەتیانە سەردار و خاوەن دەسەڵاتی ئابوری و سەربازی و راگەیاندنەکانیشن. ژیانی کۆمەڵگەکان و چۆنێتی دیاریکردنی رێڕەوی ژیان بە هەموو سەرکەوتن و شکستەکانیشیەوە، پنتێکی بەرچاوی لە ژێر کاریگەریتی ئەم باڵانەی دەسەڵاتداریتی ئەمڕۆدان.
ئایا بەوتەی (هاشمی رەفسنجان) ی بێت، تەنها ئەمریکا پڵنگێکی بریندارە یان زۆرینەی دەسەڵاتدار و حاکمانی ئەمڕۆی جیهان بە شێکن لەو پڵنگە بریندارە؟ بۆچی ئاوا وەسفی دەسەڵاتی ئەمریکا دەکرێت بە پڵنگێکی بریندار؟ ئاژەڵەکان چ تاوانێکیان هەیە کاتێک مرۆڤە ژیرەکان دێن ئاژەڵ وەک تاوانبارێک و درندەیەک وەسف دەکەن؟ خۆ ئاژەڵەکان بە بیرکردنەوە و پلاندانانەوە نایەن پەلامارەکانیان وەرێبخەن، هێندەی غەریزەیەکی سروشتی پاڵیان پێوە دەنێت؟ دەسەڵاتدارێتی ئەمڕۆی زۆرێک لە ولاتانی رۆژهەڵات و ئاسیاو ئەمریکای حاکم، دارشتنی سیاسەت و دەستورەکانیان ئەگەر چی لەژێر ناوی (کۆماریدایە) بەناوی سەرجەم کۆمەڵگاوە سنورەکان دادەرێژن. بەڵام بە ناراستەوخۆ نوێنەرایەتی سیستمە دیکتاتۆر و موستەبیدەکان دەکەن. ئاخۆ هەر لە دەسەڵاتدارێتی ملهورانەی ئەمریکاو بەریتانیاوە تا دەگات بە سیاسەتی شوڤێنیستیانەی (ئیسرائیل و سودان و ئێران و سوریاو تورکیا و سعودیە) وچەندی تر، هەموو بەشێکی ئاشکرای نێو چەمکی دیکتاتۆری و ملهوری نین؟ کوا دەتوانرێت لە نێو دەسەڵاتێکی سیاسی ئەمڕۆی ئەم ولاتانەی سەرگەرمی بەرنگاریکردنن لە خۆیان، توانراوە بۆ چرکەیەکیش بونیاتێکی دیموکراتیانە و ئازادی تێدا بەدی بکرێت؟ لە کام یەک لەم ولاتانەدا هێزی سەربازی بڕیاردەری راستەوخۆ نیە بۆ نێو کێشمەکێشە نێوخۆییەکان و دەرەکیەکان. ئەگەر تەواوی ملهوری و کارە دژە مرۆیەکانی هەریەک لەم دەسەلاتانە بە وردی و لە رێگای دادگایەکی نێو دەولەتی دادپەروەرانەوە هەڵبسەنگێنرێت، کام یەک لەم دەیان دەسەڵاتانەی ئەمرۆ دەتوانن خۆیانی لێقوتاربکەن؟
دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی ئیسلامی سیاسی ئێران بە راستەوخۆ، خۆی بەشێکی سەرەکییە لە پێشێلکاریەکانی ژیانی خەڵکی ئێران و ئەوەی ناوی ئازادی رادەربرین و چەمکێکی رەوایانە بێت بۆ ژیان، بوونێکی نیە. ئەمرۆ بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران لە ژێر رادەی هەژاریەوەن و بێکاری و گرانی باڵی بەسەر ژیانیاندا کێشاوە. کەسێکی کرێکار و زەحمەتکێش چ پێویستی بەوە هەیە کە ئێران ببێت بە خاوەن چەکی (ناوەک) ی و ئەمی پێ سەربەرز بکرێتەوە؟ ئەوە دەسەڵاتە درندە و ملهورەکانن، خەڵکی لە ژێر باری ناهەمواریدا رادەگرن و تەواوی سەروەت و سامانی وڵات بە فیرۆ دەدەن لە پێناو بەرژەوەندیە دەسەڵاتیەکانیاندا و، بۆ خەڵکیش جیهان بینی سەبرو و قەناعەت کردن بە جێدەهێڵن. ئەگەر لە روی مێژووییەوە سەیری دەسەڵاتە دیکتاتۆر و موستەبیدەکان بکەین دەبینین هەمیشە ئایدۆلۆژیای دین و تەعەسوبی قەومی و نەژاد پەرستی تێیدا پشکی سەرکی وەرگرتوە. چونکە هەریەک لەم تێگەیشتنانە وا لە خەڵکێکی زۆر دەکات مێشکی بشۆردرێتەوە و توانای بیرکردنەوەی ئەوەی نەمێنێت بپرسێت (ئەگەر خێر و بەرەکەتی سروشتی وڵات بۆ هەموانە)، هۆکار چیە، چینی حاکم هەردەم خۆشبژێوتر و پۆشتە و شادمانترن لە ئێمە؟ بۆیە سیستمی هاوردرندەی سەرمایەداران هەمیشە (دین) وەک بەهرەمەنتین پێدراو رادەگەیەنن و پیرۆزی دەکەن لای خەڵکی. (مۆنتسکیۆ) نووسەری (رۆحی یاساکان) ئاوا وەسفی دەسەلاتە دیکتاتۆر و ملهورەکان دەکات بۆ جێگە و رێگای دین لە نێو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەسەڵاتەکانیاندا{لە ناو دەوڵەتە ئیستیبدادییەکاندا ئاین زیاتر لە وڵاتەکانی دیکە نفوزی هەیەو جۆرە ترسێکە بۆتە سەرباری ترس لە ملهوڕی و ئیستیبداد. لە وڵاتە موسڵمانەکاندا بە شی هەرەزۆری ڕێزی سەرسوڕهێنەری خەڵک بۆ پاشا لە ئاین سەرچاوە دەگرێ} (ڕۆحی یاساکان لا 134) . دیارە ئەمە تێگەیشتنێکی ڕوونە و ئەو وڵاتانەی کە لانی کەم چەمکێکی ئینسانیانە و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان تێیدا توانیویانە بوونی خۆیان بسەپێنن لە نێو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، ئایدۆلۆژیای دینی بە شێوەی بەرچاو کاڵ بووەتە و بووە بە کاری شەخسی هەرکەسێک. بۆ نموونە وڵاتانی ئەورووپا. باڵام ئەوە دەسەڵاتدارێتی پڵنگە بریندارەکانە کە بەشێوازی زۆر وورد دێن دین لە نێو دڵ و دەرونی تاکەکاندا دەچێنن و ترس و تۆقاندنیان پێشکەش دەکەن. سەرۆکەکانی ئەمریکا زۆرینەیەکیان ئیلهامی خۆیان لە دینی مەسیحەوە وەردەگرن و لە جەنگەکانیشیاندا بۆ داگیرکاری زیاتر و سەپاندنی سیستمی ئیمپراتۆریەتیانەی خۆیان چەمکی دینیان بە شێوازی جۆراوجۆر بەکارهێناوە. مێژووی ئیمپراتۆریەتەکانی جیهانیش کەم تەرخەم نەبوون لەم بەکارهێنانەدا. هەر لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆماوە تا دەگات بە ئیمپراتۆریەتی قەیسەر و عوسمانی و سەفەویەکان. بەڵام لە نەتیجەی ملهوڕیەکانیاندا ناچار بە تێکشکان و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوە هاتوون.

ئەمڕۆش ئیستبدادیەتی سەربازی ئەمریکا و داگیرکاریەکانی بۆ جیهان و پێناسەکردنەوە و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی نەخشەی جیهان بە دڵخوازی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا هەروا بەئاسانی ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێتت، لە کاتێکدا زلهێزی دیکەی جیهانی (چین و یابان، ڕوسیاش واخەریکە جارێکی تر بوونی خۆی دەسەپێنێتەوە) ئەم زلهێزانەش بۆ خۆش ژیانی کۆمەڵگە نەهاتوونەتە مەیدان، هێندەی بە شوێن بەرژەوەندیە ئابوریەکانی نیزامی سەرمایەداریەوەن. بەشێکی بەرچاوی تەنگە بەریەکانی بەردەم پرۆژە ئەمریکیەکەن لە ڕۆژهەڵات و ئاسیادا.

لێرەدا دەبێت بپرسین، ئاخۆ ئەم جەنگەی پاش یەک قوتببەندی جیهان بەسەرکردایەتی ئەمریکا بە ڕێخراوە تاکەی دەتوانێت درێژە بکێشێت؟ ئایا لە ڕۆژهەڵاتدا، و بە تایبەتی لەمڕۆ کێشمەکێشە بەرچاوەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا دەتوانین پێشبینی جەنگێکی دیکە بکەین؟ یان دەکرێت بڵێین (عێراق) و (ئەفغانستان) کراوە بە شوێنی ساغ کردنەوەی هێزوتواناکان و هەر لەم دوو وڵاتەوە دەتوانین ئەگەرەکانی جەنگێکی کە دیاری بکەین؟ (جۆن بۆڵتنی) سەفیری پێشوی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە 2007/01/29 لە ڕووبەڕوی پرسیارێکدا دەربارەی پرۆژەی چەکە ئەتۆمیەکەی ئێران، ووتی؛ ئەمریکا فەشەلی هێناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە ڕێگەی گفتوگۆ و کاری دیبلۆماسیەت، تەنها ڕێگە گۆڕانی ئەو ڕژێمەیە؟ بەڵام گۆڕانی ئەو ڕژێمە بەدەستی ئەمریکا، بارودۆخی ئێران ڕووبەڕوی هەمان بارودۆخی قەیراناوی وەک ئێستای عێراق ناکاتەوە؟ یان بە تیاچونی پان ئیسلامیزمی شیعەگەرێتی بارودۆخەکان ڕوو لە ئارامی دەبن؟ دەکرێت دەیان پرسیاری هەستیار هەبن بۆ لێکدانەوەکانی ئەگەرێکی وا. بەڵام هیچی ناگات بەو ئەندازەیەی خەڵکی هەروڵاتێک بۆخۆیان تواناو و هێزێکی وا بەدەست بخەن تا بتوانن ڕژێمەکانیان لە سەر کار وەلابخەن. هارچ کاتێک دەسەڵاتێک لەدەرەوە هاتبێت و ئاڵوگۆڕ لە وڵاتێکی دیکەدا بە ئەنجام بگەیەنێت، دەبێت ئەوە ڕەچاوبکرێت کە ئەودەسەڵاتە دەرەکییە بە شوێن مەرام و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیەوەیە، نەک بۆ ڕزگاری خەڵکی ئەو وڵاتە لەدەستی سیستمی دیکتاتۆرێک!

بەڕای من ئەمریکا ئەگەر بەوەسفکردنەکەی هاشمی ڕەفسنجانی بێت: (پڵنگێک کاتێک بریندار دەکرێت بەشی خۆی پەلامار دەدات تا ئەو کاتەی هێزوتواناکانی بڕیاری بەسەردادەدەن. کاتێک لە پەلوپۆ کەوت ئەوکات دەکرێت چارەنوسی خۆی بەمەرگ بسپێرێت) . بەڵام دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا نەک وەک پڵنگێک کە توانای بیرکردنەوەی نیە، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە، ئەوە ئامادەیی بزوتنەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆمەڵایەتیەکانی ناوخۆی ئەمریکا و جیهان دەبن، کاتێک بێنە مەیدان و دەستی ملهوڕی ئەو دەسەڵاتە کۆتایی پێبێنن. لە لایەکی تر چۆنیەتی پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانیش دەتوانن کاریگەری تەواویان هەبێت لە سەر پەلهاویشتنی زیاتری ئەو سیاسەتە یان هەلومەرجەکان وابکەن ئەودەسەڵاتە لە خاڵێکدا بووەستێنرێت. بانگەشەی بەستنی کۆبونەوەیەکی نێونەتەوەی بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە سیاسیەی مەوجوودە لە عێراقدا، بە ئامادەیی چەند پڵنگێکی برینداری وەک ئەمریکا و ئێران و سوریا و هەندی ولاتی دیکە. خۆی ڕاستەوخۆ دەبێت بە وەڵامێک بۆ ئەگەرەکانی بوونی جەنگێکی درێژ خایەن یان ڕێک کەوتن لەسەر ئەو پلانانەی کە دەبێت هاوسەنگیەک لە ناوچەکەدا بسەپێنرێت. . ئەو هاوسەنگیەش دان نان دەبێت بە قودرەت و توانایيەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئێران لە ڕۆژهەڵاتدا.

ئەم تێگەیشتنە دەتوانێت بەرۆکی تەواوی دەسەڵاتەکەی ئەحمەدی نەژاد و زۆرێک لە وڵاتانی دیکەش بگرێت، کاتێک قەیرانە سیاسی و ئابوریەکان تەنگی بەژیانی خەڵکی هەڵچنیوە. ئیتر بۆنابێت بڵێین ئەوە دەسەڵاتی پڵنگە بریندارەکانە ئاوا ژیانی کۆمەڵگەکانی توشی مەینەتی و جەنگ و بێژیانی کردووە، نەک تەنها پڵنگێکی بریندار؟

تایەر حاجی حەسەن
2007/02/28
هۆڵەندا

Hanskk_01@hotmail. com

ئەو سەرچاوانەی سوودم لێبینیوە/
ڕۆژنامەی شەرقئەلئەوسەتی ڕۆژی سیشەمە 07/02/27.
ڕۆحی یاساکان، وەرگیرانی بۆکوردی ئیدریس شێخ شەرەفی
ڕۆژنامەی ئیلاف.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.